# بەڕێوەچوونی ڕێورەسمی ڕۆژی ١ی ژوئن، ڕۆژی جیهانی منداڵان

ڕۆژی ١١ی جۆزەردان ڕێورەسمێکی خنجیلانە بە ئامادە بوونی ژمارەیێك لە ئەندامانی سەرکردایەتی و ماڵەکانی ئوردوگای سازمانی خەبات لە بنکەی مەرکزی سازمان بە بۆنەی ڕۆژی جیهانی منداڵان بەڕێوەچوو و ئەو ڕۆژەیان پیرۆز ڕاگرت.

ئەو مەراسیمە کە بە هاوکاری کومیتەی ئافرەتانی سازمان ساز درابوو منداڵە چاوگەشەکان تێیدا چەندین کار و چالاکیان بەڕێوە برد و کۆڕەکەیان بە گۆرانی و جۆك و نومایش و هەڵپەرکێ ڕازاندبۆوە. مەراسیمەکە نزیك بە ٣ ساعەتی خایاند. هەر لە درێژەی ئەو ڕێورەسمە دا منداڵانی سازمان بردران بۆ پارکی سامی عەبدولڕەحمان لە هەولێر و لەویش تا درنگانێکی شەو درێژە بە جێژن و شادی درا.

## لە قەتارێك کە لە ئێرانەوە بۆ سوریە دەچوو تەقەمەنی ئاشکرا بوو

لێپرسراوانی ترکیە ڕایانگەیاند کە واگونێکی قەتاری سواری کە لە ئێرانەوە دەچووە سوریە، بڕێکی زۆریان چەك و تەقەمەنی تێدا بووە. بە گوتەی لێپرسراوانی دادوەری ترکیە ئەو قەتارەی لە ٢٥ی مانگی مەی لە شاری(گنگ) کە هەڵکەوتوو لە باشوری ڕۆژهەلاتی پارێزگای بنیگۆڵە کەوتەبەر دەستڕێژی چەکدارەکان و لە خەت چووە دەر. (ئیسماعیل ساری) لە لێپرسراوانی دادوەری تورکیە بەهەواڵنێری ئاسۆشێتد پرسی گوت کە ئەو ڕوداوە لە ژێر لێکۆلینەوەدایەو بەهۆی تەقینەوەی، واگونی قەتار لە خەت چووە دەر. بە پێی ئەو ڕاپۆرتە چەکە ئاشکراکراوەکان لە نیو مادەی بینا دروستکردن دا شارد بووە. یەکێك لە لێپرسراوانی دەوڵەتی ترك کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێت گوتی: چەکەکان تیربارو دەمانچەن. هەواڵدەری (دوگان) ڕاپۆرتی دا کە بێجگە لە تیربارو دەمانچە، ٣٠٠ مووشوك هاوێژ لەو قەتارەدا دۆزراوەتەوە. لیپرسراوانی تورکی لەسەر ئەو باوەڕن کە ڕژیمی ئاخوندی هەوڵ ئەدا خاکی تورکیە بە مەبەستی گواستنەوەی چەك بۆ لوبنان و سوریە بەکار بهێنێ.هەروەها ڕۆژی سێ شەممەش ٨ی جۆزەردان فڕۆکەیێکی سوری کە لە ئێرانەوە فڕی بوو، لێپرسراوانی ترکیە ناچاریان کرد کە لە شاری دیاربەکر بنیشێتەوە. دەستیان کرد بە پشکنینی. تورکیە تەنیا وەلاتێکی ئەندامی ناتۆیە کە لەگەڵ ئیران و سوریە سنوری هاوبەشی هەیە. ئەو وەلاتە پێوەندی گەرمی لەگەڵ وەلاتی ئیسرائیل هەیە. نیزامیانی تورکیە بەشێك لە هێزەکانی پاسداری ئاشتی سازمانی نەتەوە یەکگرتووەکانن لە لوبنان.

***

## دەوڵەتی میسر ڕایگەیاند، ڕژیمی ئێران هەڕەشەیە بۆ سەر جیهانی عەرەب




ڕۆژی چوار شەممە ٣٠ی جۆزەردان ( احمەد ابو الغیڤ )، وەزیری دەرەوەی میسر ڕایگەیاند ئێران هەڕەشەیە بۆ سەر وەڵاتانی عەرەب. وەزیری دەرەوەی میسر لە ووتوێژ لەگەڵ ڕۆژنامەی ( المصر الیوم ) گوتی: سیاسەتەکانی ڕژیمی ئێران حەماسی هان دا تا لە شاری غەزە ئەو کردەوە هەڵانە ئەنجام بدا کە ئەوەش هەڕەشەیە بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی میسر چەنکە شاری غەزە زۆر لە میسر نزیکە.
هەر لەو ووتوێژەدا وەزیری دەرەوەی میسر دەست تێوەردانەکانی ڕژیمی ئێرانی لە عێراق دەست نیشان کرد و گوتی: بوونی ڕژیمی ئێران لە عێراق هەڕەشەیە بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی میسر و وەڵاتانی عەرەب کە ئەوە دەبێتە هۆی ئەوە، دەوڵەتی میسر پێوەندییەکانی لەگەڵ ڕژیمی ئێران سنووردار بکا.

## ڕێکخراوی لێبوردنی جیهانی ڕایگەیاند پێشێل کرانی مافی مرۆڤ لە ئێران لە هەموو کاتێك خراپترە

ڕێکخراوی لێبوردنی جیهانی ڕۆژی چوار شەممە ٢ی جۆزەردان لە ڕاپۆرتی ساڵیانەی خۆیدا وەزعی مافی مرۆڤی لە ئێران خراپتر لە هەر کاتێك ناساند.
لە ڕاپۆرتی تازەی ڕێکخراوی لێبوردنی جیهانیدا هاتووە کە ئێران وەڵاتێکە کە زیندانە ئینفرادیەکانی سەدان کەسی تێدا زیندانی کراوە.
بە پێی ڕاپۆرتی لێبوردنی نێونەتەوەیی ڕۆژنامەنووسان، هەڵسوراوانی مافی مرۆڤ، پارێزەران بە بێ هۆ و بە بێ لە بەر چاوگرتنی قانوون، زیندانی دەکرێن و هەروەها شکەنجە کردن لە پێش دادگایی کردن، کردەوەیێکی ئاسایی ڕژیمی ئێرانە.
لە بەشێکی دیکەی ڕاپۆرتی لێبوردنی نێونەتەوەیی دا هاتووە، کە لە ساڵی ٢٠٠٦ لە ئێراندا چەند جار هێرشیان کراوەتە سەر کۆبوونەوە گشتیەکان و گرتنی بە کۆمەڵی خەڵك ڕووی داوەو هەر لە ساڵی ٢٠٠٦دا ١٧٥ کەس ئیعدام کراون.

# هەواڵەکانی کوردستان

## سوتانی کەسێك لە جادەی سەقز- بۆکان

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا، کەسێك بە ناوی ڕەحمان مەرخوزی کە پێشتر لە ڕێزەکانی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران پێشمەرگە بووە، لە ماشینەکەی دا کە بەنزین و گازائیلی بار کردووە سووتاوەو ئاسەواری کەم لە تەرمەکەی دیار ماوە.
خەڵکی کوردستان لە بەر نەبوونی کار و هەژاری ناچارن بۆ پەیدا کردنی بژێوی ژیان دەست بدەنە مەترسی ترین کار و ڕێگەی هات و نەهات بگرنە بەر، کە بەداخەوە زۆر جار ئەو نەوعە کارانە دەبێتە هۆی لە ناو چوونیان.
سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران پرسە و سەرەخۆشی بە خانەوادەی کاك ڕەحمان ڕادەگەیێنێ.

***

## هەوڵی ڕژیم بۆ فریودانی لاوان

ماوەیێکە بەرپرسانی ڕژیمی ئاخوندی لە ناوچە جیاکانی کوردستان ، لە هەوڵدان ژمارەی بەسیج و خۆفرۆشان زیاد بکەن. ئەویش بە زیاد کردنی حقوقی مانگانە لە ١٢٠ هەزار تمەنەوە بۆ ١٥٠ هەزار تمەن.
هەروەها بۆ فریو دان، ژمارە حیسابێکی بانکی بۆ ئەو کەسانەی دەبنە بەسیج لە بانکەکاندا دەکەنەوە کە ڕژیم ٣٠ هەزار تمەن دەخاتە ئەو حیسابەوە و بەسیجە خۆفرۆشەکانیش ٣٠ هەزار تمەنی تێ دەکەن کە لە دوای ٥ ساڵ، ڕژیم ٥٠٠٠٠٠٠ملوێن وام دەداتە بەسیجەکان.
دیارە ئەو سیاسەتەی ڕژیم بۆ ئەوەیە کە لە کاتی حەستەمدا بتوانێ کەڵك لەو بەسیجانە وەرگرێ، دەنا دانی وام بە بەسیجەکان لەو هەل و مەرجە نالەبارە ئابووریەی ڕژیم ئەو وەعدە و وەعیدانە هیچ کات کاریان پێ ناکرێ.

***

## هاووڵاتێکی مەهابادی لەژێر فشاری ئیتلاعات خۆی هەڵواسی

محەییدین حەیدەری تەمەن ٤٠ ساڵە، ساڵی رابردوو بە تۆمەتی بەشداری لە نارەزایەتیە جەماوەرییەکان گیراو دوای گیرانی شکەنجەیێکی زۆر کراو و تووشی نەخۆشی دەروونی بوو. محەییدین حەیدەری خاوەنی ٣ منداڵ بوو و دوای شکەنجە قورسەکانی ئیتلاعات تووشی ترسێکی زۆر ببوو کە لە ئەنجامی ئەو ترسە خۆی هەڵواسی و دوای ٣ ڕۆژ چاودێری مرد.

***

## هاووڵاتێکی بۆکانی بە ٩ ساڵ زیندان سزا درا

لاوێکی تەمەن ٢٣ ساڵی بۆکانی بە ناوی یۆسف ڕەحمانی بە تۆمەتی هاوکاری لەگەڵ هێزە کوردییەکان بە ٩ ساڵ و ٦ مانگ زیندان مەحکووم کرا. دادگای بە ناو شۆڕشی ئیسلامی بۆکان یۆسف ڕەحمانی پوور لاوی ٢٥ ساڵەی بە بێ ئامادە بوونی پارێزەر بە سزای ٩ ساڵ و ٦مانگ زیندان مەحکووم کرد.

***

## بانگهێشتی سەعیدی ساعدی بۆ دادگای سنە

دادگای جەزایی سنە سەعیدی ساعدی ڕۆژنامەوان و سەردەبیری پێشووی حەوتوونامەی "دیدگاه"ی بانگ کرد. تاوانی ساعدی لەو پەروەندەییە دا، ڕووخان و ئاگردانی شوێنە گشتی و تایبەتیەکان ناو برداوە. بە پێی نامەی دادگا ناوبراو دەبێ ڕۆژی ٢٣ی مانگی گەلاوێژ خۆی بە دادگا بناسێنێ. جێگەی باسە کە ناوبراو ماوەێك لەوبەر لە لایەن شوعبەی یەکەمی دادگای شۆڕشی سنە بە تاوانی کردەوە دژی ئەمنیەتی نەتەوەیی بە شێوەی بەشداری کردن کاریگەر و کۆبوونەوەی نایاسایی لە ڕێکەوتی ٨ و ١٠ی مانگی گەلاوێژی ساڵی ٨٤ لەبەرانبەر ئوستانداری سنە و چالاکی دژی نیزام و بە قازانجی گروهە نەیارەکانی نیزام بە ٢ساڵ و ٦ مانگ زیندانی تەعزیری مەحکووم کرا.

***

## بانگهێشتی ئاسۆ سالح بۆ دادگای سنە

بە پێی ڕاپۆرتی مافی مرۆڤی کوردستان شوعبەی ٥ی دادگای سنە، ئاسۆ سالح هەواڵنێر و ئەندامی شاندی نووسەری حەوتوونامەی کوردی ـ فارسی دیدگای بانگ کرد.
تاوانی ناوبراو کردەوە دژی ئەمنیەتی نەتەوەیی ناوبراوە. بە پێی نامەی دادگا ناوبراو دەبێ لەماوەی ٤ ڕۆژ دا خۆی بە دادگا بناسێنێ. جێگەی باسە ئەو ڕۆژنامەوانە کوردە ماوەێك لەمەوبەر لەجەریان ڕێورەسمی ٨ی مارس(ڕۆژی جیهانی ژن) لە سنە گیرابوو و دوای ماوەێك بە دانانی وەسیقە ئازاد کرابوو.

### حوکمی ٤ سال زیندانی بۆ کەسێکی سەقزی

ڕۆژی چوارشەممە ٢٣ی جۆزەردان دادگای ڕژیمی ئاخوندی لە شاری سەقز "شارامی ئەنساری" بە ٤ سال زیندان مەحکووم کرد. شارام کە زیاتر لە ٢٠ مانگە لە بەندینخانە دایە بە تۆمەتی پێوەندی لەگەڵ حیزبێکی کوردی و کردەوە دژی ئەمنیەتی نیزام تاوانبار کراوە.

## کۆچی دوایی محمد خانی ئەردەڵان

ڕۆژی یەك شەممە ٢٠ی جۆزەردان، محمد خانی ئەردەڵان (مەرخوزی)، کەسایەتی دیاری ناوچەی سەقز و باوکی کاك بێهروز ئەردەڵان ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی سازمانی خەبات، کۆچی دوایی کرد. لەگەڵ دەربڕینی غەم و پەژارەمان، سەرەخۆشی بە کاك بێهروز ئەردەڵان و کەس و کاری محمد خان ڕادەگەیێنین و لە غەم و پەژارەیاندا خۆمان بە شەریك دەزانین.
خودا سەبووریان بدا و محمد خان بە بەهەشتی بەرین شاد بکا.

سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران

٢٢ی جۆزەردانی ١٣٨٦

## درێژەی پیلانی دەسەڵاتداری ئاخوندی لە دژی سازمانی خەبات ی کوردستان ئێران

سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران، ٢٧ ساڵی تەواوە بە زاڵ بوون بە سەر دەیان کەند و کۆسپ و سەختی جۆراوجۆر و پووچەڵ کردنەوەی بەشێکی زۆر لە پیلانەکانی ڕژیم دا لەگەڵ سەرکەوتن هێندێك لە پیلان و کردەوەی ترۆریستی ڕژیم کە بوونە هۆی شەهید بوونی چەندین کادر و بەرپرسی لێهاتووی سازمان و بریندار بوونی کادری ڕێبەری سازمان، توانیویە خۆراگرانە و شێلگیرانە لە مەیدانی بەربەرەکانی و کاری شۆڕشگێڕانە دا بمێنێ.
روونە ڕژیمی ئاخوندی بە بەردەوامی پیلان لە دژی سازمانی خەبات دەگێڕێ، لە بەرانبەردا، سازمانی خەبات بە هیمەت و کاری زیاتر و تێکۆشان لە پێناو ئازادی نیشتمان و ڕووخانی ڕژیمی ملهوڕ و درندەی ئاخوندی وەڵامی پیلان گێڕیەکانی دەسەڵاتدارانی ڕژیم و دەستگا ئەمنیەتیەکانی دەداتەوە.
هەر بەو بۆنەوە، داوا لە تێکڕای کادر و پێشمەرگە و ئەندام و دڵسۆزان و دۆستانی سازمان دەکەین، وەك هەمیشە بە وریایی لە بەرانبەر سیاسەت و پیلانە نوێ کانی ڕژیمی ئاخوندی دا بوێستنەوە.
بە تێکۆشان و خەباتی نەپساوە سەرکەوتن بۆ گەلی ئازادیخوازی کوردستان و گەلانی ئێران وەدیی دێ و ڕژیمی ملهوڕی ئاخوندی بە دەستی بە هێزی جەماوەر و کۆڵنەدان و تێکۆشانی شۆڕشگێڕانی ڕێگەی ئازادی لە ناو دەچێ.
سەروەری بۆ قارەمانانی گەل و ڕێبوارانی ڕێگەی شەهیدانی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران، سەرشۆڕی بۆ خائینان و دژمنانی گەلی کورد و دژمنانی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران.
بەم بۆنەوە جارێکی دیکە بە ڕژیمی دیکتاتۆر و دەسەڵاتداران وخۆفرۆشە ترسەنۆکەکان دەڵێینەوە، ڕێبازی سازمانی خەبات بە خوێنی ڕۆڵە گرانقەدر و کەم وێنەکانی کوردستان ئاودراوەو، داری هەزار ڕیشەیە و بە هیچ پیلان و دژمنکارییێك لە ڕیشە نایێ و سازمانی خەبات بەردەوام دەبێ لە پێش کەوتن و گەشە سەندن لە ڕێگەی ڕزگاری و ئازادیدا.

مەرگ بۆ ڕژیمی ملهوڕی ئاخوندی

سەرکەوێ خەباتی حەقخوازانەی گەلی کوردستان

سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران

کۆمیتەی ناوەندی